# وه ڵام

چۆن چك ده كه م؟
ته ماشام كه ن:
ئاسۆی گیانم بێشه ڵانی شۆڕ و نووره.
گوێتان هه ڵخه ن:
سه راپام گوڵبانگی داك و
سرته ی خاك و
گرفه ی گڕی خوار و ژووره.

*    *    *

چۆن چك ده كه م؟
له بیابانا ـ من زۆزانم له خوێندایه،
تا هه نیشكان،
ده ستم له ناو به فری به ده نته زێندایه...

له قوتبیشا ـ
ترسم نییه، جێم گه رمێنه،
پێم تا چۆكان
نوقمی ئاوی شله تێنه...

*    *    *

له هه ر كوێ بم، وه كوو یه كه:
قه ڵه مه كه م ـ
جارێك چڵی گوڵه باخه،
جارێك سێره ی سه ر تفه نگه
به ری ده ستم ـ
ساتێك هۆبه ی دڵدارانه،
ساتێك شووره و قه ڵای جه نگه،
چ له وێبم، چ لێرانه،
كه مه ربه ندی ئه م زه مینه
به ناوقه دی عه شقم ته نگه؟!

۱۷//۱۹۹۱ ـ ستاره مینسكایا ـ مینسك